## باخامەی جەنابتان نەبێ بەقەڵغانی بەرژەوەندپەرستان .........سیامەند علی نەریمان

ئەگەر بەوردی سەرنجی نوسینەکەی (مهدی ابوبکر) بدەین ،کەلەلاپەرە7ی کوردستانی نوێی ڕۆژی 2003/10/08 بڵاوکراوەتەوە،زۆرشتی تیا بەدی ئەکرێ کەدوورن لەڕاستی ئەمرۆو ڕابوردوی ڕوداوەکانی پەیوەند بەکوردستانەوە.بۆیە وای لێ کردم هەندێ تێبینی لەسەر بنوسم لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ برای نوسەر.
سەرەتای وتارەکە بەوە دەست پێدەکات کەگوایە ئێمەی کورد لەبەردەم دورپیانێکدا وەستاوین ئەویش (فیدڕالی و سەربەخۆی)یێیە.بەواتایەکی تر ئەو دوو حزبە بۆ ڕۆژێک لەڕۆژان بیریان لەبوون بەدەوڵەت کردبێتەوە ،ئەمەیان کاتێک ڕاستەبێ کەکاتێک سەرۆکی ئیدارەی سلێمانی د.بەرهەم لەئەنقەرە بویتایە ئێمەی خەڵکی کوردستان هاتنی سوپای تورکیا ڕەتئەکەینەوە ،نەک بەدەم ماستاوو کەشیشیوە بڵێ 'ئێمەی عێراقین' نابێ تورکیا بەچاوێکی ترەوە مامەڵەمان بکات،واتا وەکو کورد بەڵام ئەمەیان هیچ نیگەرانی نەکردوم بەڵکو ئەوجۆرە لێدوانانە بەئاسایی ئەزانم ،چونکە "ئەوانە"دەرچوی پەیمانگاکەی' مامە'ن بۆ بازرگانی کردنی کێشەی کورد.ئەوەی جێگای داخە خامەی جەنابتان پشتگیری کردوون.کەدەڵێیت' هەندێک لەخاوەنی ئەو قسانە داوانەکردنەکە دەخەنە پاڵ سەرکردەکوردەکان". ئەمەش لنگەو قوچی ڕاستیەکانەو چەواشەکردنە ،دەتوانین بزانین لەکوێ و کەی ینک بۆن دەمیان کوردستانی بونی پێوەدیارە!!؟؟

باشە جەنابتان باس لەعاتیفە دەکەن ،کام عاتیفە بۆ ئەوەی خەونی بوونی دەوڵەت و نیشتمانی هەبێ کەسێکی عاتیفیە یان شۆڕشگێڕە؟یان لەقاموسەکەتانە خەڵکی ئەوروپا زۆر عاتیفین ،چونکە خەو بەئەوروپای یەکگرتووە ئەبینن .هەرباشە نەتووتوە 'عاشقن'،چونکە وابزانم عاشقانی ئازادیش لەئەدەبیاتی شۆڕشی گەلاندا هەیە !برای بەڕێز ئەو سەربەخۆیەی تۆ بەعاتیفەی دەزانی مافی ڕەوای هەموو گەلێکە بەبێ شەرم و دڵەڕاوکێ.بۆچی داوای دەوڵەتی کوردی خۆهەڵخەڵەتاندنە ؟لەبەرئەوەی دوورە لەڕێبازی خۆپەرستی ئەو لێپرسراوەنەو کەدوای پێنج ساڵ لەڕێکەوتنی واشنتۆن دێن لەسەر شاشەی کوردساتەوە دەڵێن لەگەڵ پارتیدا ڕێک ناکەوین،چونکە ئێمە تەنازولمان زۆرکرد بەڵام ئەوان خۆیان نادەن بەدەستەوە.ڕاستت فەرموو خۆهەڵخەڵەتاندنە بەهیوای ئەم حیزبانەوە بژی ،چونکە ئەمان لەسێ پارێزگادا مل بۆ یەکتری شۆڕ نەکەن لەبەرژەوەندی خۆیاندا .ئای بێ هیوای کورد چەند برینێکی قوڵە تا ئەمانە لەزۆران بازی کورسیدا بنو چەندیش بەقوڵ تردا دەچێت.منیش ئەڵێم سەربەخۆیی و ئیش بۆکردنی زۆر مەحاڵە لەژێر چەتری ئەوانەی ڕەگەزی خۆیان ڕاودەکەن بۆ دوژمنان لەبەرژەوەندی تەسکی خۆیاندا.
جەنابت باس لەکاریگەری ڕای دەوڵەتە عەرەبییەکان دەکەی لە بڕیاردانی کۆشکی سپیدا وەک ئەوەی بەڕێزتان ئاگادار نیە لەوەی لەهەموو بڕیارێک کەعەرەب دژی بوبن لەکێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ،ئەمریکا زیاتر جەختی لەسەر کردووەو جێبەجێ بووە .برای ئازیز ئەمریکا وەکو کەر سواری پشتی سەرۆکەکانی (وحدە عربیە)یە بووەو لەپێشەوە' گێزەر'ی

تەماع و ترسی هەڵتەکانیان بۆ ڕادەوەشێنێت.کەئەمەش بەتەواوی ئاشکرا بوو لەکاتی بڕیاری یەک جەمسەری لێدانی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە.کەهەمویان وەکوو کەڕەی نێو شایی بەس سەریان ڕادەوەشاند.

باشە بەڕێزتان مەقسەدتان لەکام بەرژەوەندی‌یە لەگەڵ ئەمریکا ،تائێستا لەنیشانەی بەرژەوەندی هیچ تێگەیشتوون؟ برواناکەم ،چونکە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی کوردستانی باشوور دەزانن تەنها بەرژەوەندیمان لەگەل ئەمریکا لەم دوایی‌یە دەستی پێکردووە،ئەویش بۆڕوخاننی ڕژێمی بەعسی بووە،تاوەکوو کورد لەدوای نەمانی ئەو زەبەلاحە ئاسۆی سەربەخۆی بەدی ئەکات و هەل ومەرج لەباروگونجاوترە،ئەگینا مێژوی کورد شایەتە تا ئەم ساتەش کورد چەند جار بەر 'لەقەی'ئەمریکا کەوتوەو هەزار قوربانی داوە لەئەنجامی سیاسەتی چەوتی چەپەڵی ئەمریکاو بەریتانیاو..هتد.

حەزم کرد وەکوو هەموو ئەوانەی ئەو وتارەیان خوێندەوە ئەو 'جڵەو'وەی ئەمریکا تائێستا شلی کردووە بۆمان بزانم کامەیە:ئەوەیە کەبەهەوەسی خۆی پارچەپارچە شارەکان بەم لاو ئەولادا دابەش ئەکات بێ ئەوەی پرسەگورگانەیەکش بەئەودوو"سەرۆک کۆمەڵە"بکات.یان جڵەوەکە ئەوەیە عەرەبە دەهەزاریەکانی بۆ کەرکوک گەڕانەوە دوای ئەوەی لەلایەن خاوەنەکوردەکانەوە دەرکرابوون.کاکی برا  ئێمە 'ڕەشمەمان'بۆ ئەمریکا شل کردوە جارێک لغاوەی توون ناکەینەوەو ئاگاداری بکەینەوە کەئێمە خەباتمان و تێکۆشانمان تەنها بۆ سەربەخۆی‌یە وهیچی تر.ئەگینا ئەو دەمێکە براکانمانی لە کوردستانی باشوور بە'تیرۆریست'لەقەڵەم داوە .ئەگەر ئێمەش لەپێناوی بەرژەوندی ئەوا نەبیین هاکا کردمانی بە'چەتە'.بۆیە پێویستمانە لەئەمڕۆ زووتر یەکتربگینەوە،ئەگینا دەبینە "ئاردی ناو دڕک'.

ئەوڕژێمە دیموکراتیەی ئەمریکا دەیەوێ لەناوچەکەدا بەرجەستەی‌بکا درۆیەکی بێ پاساوەو ڕژێمی فاشستی تورکیاو ڕەگەزپەرستی سوریاو دەوڵەتی'کن فیکن'ی ئیسرائیل هەمویان گەواهی لەسەر پڕوپووچی کۆشکی سپی دەدەن کەئەمریکا کەیفی بەدیموکراتی لەم دەڤەرەدا نایەت.هەروەها ئەنجومەنی کاتی ئەمریکا لەعێراق وبوونی کورد بە5 ئەندام تیایدا ئەیسەلمێنی کەئەمریکا بۆ تەنها چرکەیەکیش کوردی بەڕەفیق ودۆستی خۆی نەزانی‌وە .

خۆ زۆر نابێ جەنەڕاڵێکی ئەمریکی لە تورکیا کەبۆ مەبەستی ڕازی کردنی پەرلەمان بۆ هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا بۆ ناو عێراق گوتی(ئێمە سەرۆکێکی 'خەتەری'وەکو ئۆجەلانمان بۆ تورکیا دەست گیرکرد ئێستاش چاوەڕێی پاداشتی چاکەین لەتورکیا).ئەم گەمەیەی ئەمریکا دەیکا لەگەڵ ئێمەدا گەمەی کلاسیکی 'پشیلەو مشکە'.کەهەر جارێ دەنگێکی ئازادانەمان لێ بێتەدەر کەڵبەی تورکمان پێ نیشان‌ئەدات.یاقەفەسی تاوان!! برای بەڕێز کلیلەکەی لای ئەمریکا خۆیەتی، هەرکەس بەدڵی ئەوو دۆستەکانی نەجوڵێتەوە یاتاغی بۆ حازرکردووە.ئەوەتەی  هەیە هەمیشە ئیمپریالیست لە لەدەست‌دانی ڕاستگۆی خۆی نەترساوە، بەڵکوو ئەوەی وەکوو بەغبەغا ووشە چەواشەکاریەکانی و سرودی تاک جەمسەری نەووتوەتەوە بە'تیرۆریست'ەوە لوول کردوەو نقی لێ‌بڕیووە. بۆ هەمووومان و دنیای سەردەم ئاشکرایە کەهەڵوێستی ئەمریکا پشتگیری‌کەر بووە لەئیسرائیل و ڕیکۆردی 'ڤیتۆ'کانی شایەتی حاڵن لەسەر ستراتیژی ئەمریکاو

ئیسرائیل ،عەرەب بە تەواوەتی دەستی لێشتوون خواخوایەتی 'فەلەستینیەکان'ی لە کۆڵ
بنەوە،نمونەی زیندوشم بۆ ئەوە دەرکردنی فەلەستینیەکانە لە لیبیا ومیسر وولآتانی
کەنداوەوە.هەر ئەوەتا لە ئەوروپاش لەژێر جەختی ئیسرائیل، هەموو داوایەکی پەنابەری لەلایەن
فەلەستینیەکانەوە ڕەتدەکرێتەوە بێ یەک و دوو.
لەکۆتایدا جەنابی نوسەر دەڵێت(ئەگەر کورد لەئاستی ڕەسمیدا،داوای دەوڵەت بکات ئەوا
ڕاسگۆیی خۆیی لەدەستئەدات).ئابەم دێرە خوێنەری بەڕێزت یەک لا کردەوە کەتائێستا ئەو
سەرۆکانە لەئاستی ڕەسمیدا بەهیچ شێوەیەک داوای بوونی دەوڵەتیان نەکردووەو نابێ بیشی
کەن،چونکە زەرەر بەو بەرژەوەندی‌یە هاوبەشانە ئەگەیەنێ کەئاماژەم بۆ کرد، خوێنەری کورد
خۆی سەرپشکە لە دیاری کردنی وەڵامی ڕاستو واقیعی‌دا.بۆیەئەڵێم داواکردنی مافەڕەوەکانی
گەلێک نزیکترو پیرۆزترە لەئەرکی ئەو دووانەوە ئەگەر پێی هەڵسن،نەک ئەوەی جەنابتان ناوی
ئەبەن بەلەدەستدانی ڕاستگۆی کەهیچ کات ماڵی کوردی ڕێک نەبووە تاوەکوو هەڵوێستێکیان
بێ کەڕاستگۆ بێ، بەڵکوو بەپێچەوانەوە هەریەکەیان لەبایەک خوێنی‌یەتی و تانوسینی ئەم
وتارەش پێم وایەلە1963 وە یەک هەڵوێست نەبوون.وەکوو دیارە پ.د.ک لەهەموو شوێنێک
بەئاشکرا دژی هاتنی تورکیا بووە بۆ کوردستان‌وعێراق هەرچەندە دەبوایە 'پێشتر'یش
هەربەهەمان شێوەبوایە ،کەچی جەماعەتی ینک پۆل پۆل دەچن بۆ ئەنقەرەو زیاتر ئەدەنە
دەمیانەوە ،هەربۆیە عبداللەگول لەچاوپێکەتنێکدا وتی(هەڵوێستی هەردوو حیزبەکوردیەکە چوون
یەک نین)ئەمەیان جێئەهێڵم بۆ جەماوەری ستەم دیدەی کورد لەکوردستانی باشور،کەکامیان
نەرمتر لەم کاتەیە ئەجولێتەوە.
لێرەدا شتێکی زۆر سەیر بەدی ئەکرێت ،چونکە نوسەر ئەڵێ(بەخوێندنەوەی ئەو مەترسیانە
دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کەداواکەری دەوڵەتی کوردی لەم قۆناغەدا ڕەنگە داواکاری فیدڕالیش
بخاتە مەرسیەوە...).بۆ قەت بووە لەداواکردنی مافەڕەوەکاندا  کورد دەرەنجامی وەرگرتربێ یان
ئەوەتا هەر لەوڕێگایەدا بەهەزاران سەریان ناوەتەوەبوون بەقوربانە.باشە ئێمە لەچی بترسین
لەدەستمان بچێ  خۆ چیمان لێبکەن' هەردیلیمان لەدەست ئەچێ'.ئەو فیدرالیەی باست لێوە
کردوە :کێ ئەزانێ سنوری کوێ‌یە؟ کەرکوکی لەگەڵە حەتمەن نەخێر.ئایا لەئاستی سەرکردایەتی
کورد ئەزانن بەس لەناودا یەک 'گێرێ' فەرقی هەیە لەگەڵ 'ئۆتۆنۆمی'دا.یان برای نوسەر ئەلفو
بێی فیدڕالی خوێندوەتەوە کەوا زۆر بەشانازیەوە ئەڵێ' دەسکەوتی فیدڕالی'.ئەم فیدڕالیەی ئەو
برادەرە باسی لێوەئەکات نازانم؟ هەموو کورد ئەڵێن نازانین؟کامە ؟ئەوەی هەر سێ شارە
لەکۆی کوردستانێکی گەورەو 6 ساڵ شەڕی براکوژی لەسەر کرا.یان ئەوەتا ئەمەیان شتێکی
تازەیە 'لەوەنی‌یە'.بەڵام کاکی بەڕێز هەر خۆی جوابی خۆی دەداتەوەو دەڵێ' داواکاری فیدڕالی'.
من زۆر بەدڵ نیاوە ئەڵێم ئەو کاتە ئەو وتارە گەشتۆتە دەست بەڕێوبەری نوسین
لەکوردستانی نوێ بێ یەک ودوو ئەم وتارەی هەڵبژاردوە بۆ دابەزین ،چونکە قەت لەو
خەیاڵەدا نەبوون کە تا ئێستا خامەیەک هەبێ بێجگە لەڕابەران‌وداواکەرانی فیدڕالی سەقەت ،
کەهەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوون دژی لایەنەکەی تر شت بنووسن و ئیشی بۆبکەن گەلی کورد
.خواخوای وتارێکی هاوبەشێتی لێیان.ئەو فیدڕالیە  کەلەئەورووپادا نەبێ،بەتایبەتی ئەڵمانیا

لەهیچ شوێنێ سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. کەئەویش وەکو ئەوەی بینیومانە هیچ فەرقی نیـیە لەگەڵ دەسەلاتی مەرکەزی ،ئەمەش وەکوو میزی حوشتر دەمانگەڕێنێتە دواوەو دەڵێن خۆ ئەڵێی 'حوکم زاتی'یە !!! .لەکۆتایدا ئەڵێم بەرژەوەندی لەسەر بنچینەی گەشتن بەمافەڕەواکان و مافی چارەی خۆنوسینەوە بەندە ،نەک بەپێچەوانەوە.دیارە ئەمەش وەکو ڕۆژی ڕوون ئاشکرایە کەبەرژەوەندی هەموو کاتێ بۆ ئێمەی کورد لەکوردستانی باشور هەر سەربەخۆیی‌یەو هەر ئەویش ئەبێ ببێ.

*Sia2005@web.de*
ئەڵمانیا/ شتوتگارت
2003/10/09